# چـــنـــوور بۆچی داوای تـــ

**ئێوارەیەك(چنوور) بە هەنسكی گریانەوە گەڕایەوە لای باوكی!**

ئێوارەیەكـی درەنـگ وەخـت بوو كە(چنوور) بەچاوی بە فرمێسـكەوە گەڕایەوە ماڵی باوكی، ئەوان لەسـەر نانخواردن بـوون، كە(چنوور) بە ژوور كەوت، باوكی كە چاوی پێكەوت و بەم حاڵەوەی بینی، زانی شـتێك روویداوە، بـەڵام زیاتر فكـری بۆ ئـەوە چوو كـە رەنگە لەگەڵ(سـالار)ی مێردی دەمەقاڵەیان بووبێت و ئەویش قسەیەكی پێوتبێ، یان شـەقێكی لێدابێت، خۆی زۆر تێكنەدا، بانگی (چنوور)ی كرد، كـە بچێتە لای(چنوور) بـە گریانەوە خۆی هاوێشـتە ناو باوەشی و سەری لەسـەر سـنگی دانا تاوەكـو كڕی بكاتەوە، باوكی داوای لێكرد كە بچێ چاوەكانی بشـوات و ئینجا بێت لوقمە نانێك بخوات، (چنوور) وتی: بابە، نانم پێناخورێت، (خالید)ی باوكی هەسـت و خوسـتی گۆڕاو زانی مەسـەلەكە تۆرانێكی ئاسایی و كێشەیەكی بچووك نییـە، بەڵام وازیشـی لێهێنـا تاوەكو دوای نانخـواردن بەخۆی لێبپرسـێ كە چییەتی،(چنـوور) هەمووی دوو مانـگ بوو، مێـردی بە(سـەڵاح) كردبوو، هەردووكیان لە شوێنی كاركردن یەكتریان ناسیبوو(چنوور) فەرمانبەری یەكێ لە فەرمانگـەكان بوو، كە تازە بـۆ ئـەو فەرمانگەیە گواسـترابۆوە كە(سـەڵاح)ی لێبوو، پاش دوو سـێ مانگ لە یەكترناسینیان پاش دوو دڵی و ڕاڕاییەتی زۆر ئینجا(سەڵاح) چووە داخوازی مێردی پێكردبوو، (سـەڵاح) گەنجێكـی تـا بڵێی قـۆز و بەرچاو بـوو، زۆر بە ئاسـانی دەچـووە دڵی كچان، ئەوانـەی فەرمانگە دەنگۆ و قسەی سەیریان لێدەگێڕایەوە، یەكێ لە هاوڕێیەكانی (چنوور) كە لەو ماوەیەی لە فەرمانگە بوون و یەكتریان ناسـی بوو، پێی وتبوو، كە پێشتر ژنێكی تری هێناوە، بـەڵام لەبەر خۆ هەڵقوڕتاندنی كەسـوكاری ژنە، پێكەوە نەگونجاون، پاش سـێ مانگ لێكجیابوونەتەوە.. .(سـەڵاح) بە (چنوور)ی وتبوو، كە پێش ئەوەی ژنـی یەكەمی بێنێ زۆر كچ بـرادەر و هاوڕێی بوونـە، بەڵام هاوڕێیەتییەكی ئاسایی، بەڵام ژنەكەی ئەوەی پێ قبووڵ نەكراوە و بە شتی تر لێكیداوەتەوە.

(سـەڵاح) كە (چنوور)ی خواسـت تەمەنی هەر بیسـت و پێنج سـاڵێك دەبوو، لەو پـەڕی گەنجێتی و قۆزی دابوو..(چنوور) هـەر چەندی گوێ لەو دەنگۆیانە ببوو، هەر چەندە بڕوای دەكرد بەشـێكی ئەو قسانە ڕاست بن، بەڵام نەشـیدەتوانی دەستبەرداری بێت و دەیگـوت: ئەوانە زێدەڕۆیی دەكەن و (سـەڵاح) ئاوڕیان لێناداتەوە، بۆیە لە حەزمەتان ئەو قسە و قسەلۆكانەی بۆ هەڵدەبەستن. بە هەرحاڵ كە (خالید)ی باوكی لە نانخواردنەكەی بۆوە، بانگی (چنـوور)ی كرد و پێـی وت: كچم وەرە بـۆم بـاس بكە، بزانم كێشـەت لەگەڵ(سـەڵاح) چییە؟(چنـوور) هەنسكە هەناسەیەكی هەڵكێشاو وتی: بابە، كێشەم هەر چییەك بێ جارێكی تر ناچمەوە لای و تەواو، ئەو بە كەڵكی من نایەت، پیاوێك حورمەتی ماڵ و حاڵی خـۆی نەگرێـت، حورمەتی من چۆن دەگرێت،(خالید) سـەیرێكی كچەكەی كرد، كە كتومت داپیری خۆی بوو، چاو سەوز، سپیلكەیەكی سـۆرەمس، پرچ زەردی درێـژ و بەژن و باڵا كەڵەگەت، نەك(سـەڵاح) زۆری وەكو (سـەڵاح) یـش مەمنوونی بوون(چنـوور) رازی بێ مێردیان پێبـكات، (خالید) داوای لێكرد و یا باسی كێشەكەی بۆ بكات، یان هەقی بەسەرەوە نییە و نێوان خۆی و مێردەكەی پێوەنـدی بەوەوە نییە، كە وایگوت(چنوور) رووی لە باوكی كرد و ئینجا كێشـەی خـۆی و مێردەكەی بەمشـێوەیە گێڕایەوە و وتی: بابە، لە وەتی مێردم بە(سـەڵاح) كردووە، ئەو هیچ حسـابێك بۆ ئـەوە ناكات كە ژن و حاڵی هەیە، هەر وا دەزانێ سـەڵتە و خـۆی بە تەنیایە، لە ناو فەرمانگە، لە دەرەوە، ئەگەر لە ماڵ نەبم، تەنانەت لە ماڵەوەش، هەم لەگەڵ كچانە و هەم لەگەڵ ژنانیشە، نیوەڕۆیەك، سێ هەفتە پێش ئێسـتا وتی: بۆ ناچییەوە ماڵی باوكت و سـەرێكیان لێبدەی، وتم باشە ئەی تۆ نایەت، وتی: ئێوارە دێم، رۆژی دواتر ژنێكی دراوسێمان پێی وتم دوێنێ لە ماڵ نەبووی ئافرەتێك میوانتان بوو، پرسـیارم كرد لە (سەڵاح) هیچ خۆی نەشڵەژاند، بەشێر و رێوی هێنانەوەیەك مەسەلەكەی قەپات كرد، چەند جاری دیكەش شـتی وەهام بیستەوە، تەنانەت رۆژێك ئـەو پێش من لـە فەرمانگە چووبۆوە، هەر كە گەیشتمەوە ژنێك لە دەرگای ماڵەوەمان هاتە دەرەوە، وتم ئەوە كێ بوو وتی: هیچ لە ماڵێكی دەپرسی و بە هەڵـە هاتبوو، جارێك نەبوو دووان نەبوو، چوار پێنج جار بووە كێشە و هەرا و مشتومڕمان، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر نكۆڵی كردنی خۆی، ئەمڕۆ بە كارێك كـە بەرێوەبەری فەرمانگە پێی راسپاردبوو، ئەویش كاتەكەی بە فرسەت زانیبوو، نازانم چـۆن لەگەڵ ئافرەتێك ژوانی رێكخستبوو، یەكسەر بردبوویەوە ماڵ، دەوامی فەرمانگە تەواوبوو، ئەو هەر نەهاتەوە، منیش تۆزێك لەسـەری راوەستام ئیتر چوومەوە، دەرگام كردەوە، چاوم بـە پێڵاوی ئافرەت كەوت، چاوم گێڕا هیچم نەبینی، بەڵام گوێم لە قاقای پێكەنینـی ژنێك بوو، بە چرپە چوومە

# ـــەڵاقی لە مێردەکەی کرد

پێشەوە، دەنگی (سەڵاح) یشم هاتە بەر گوێ، یەکسەر بەژوور کەوتم، دەبینم، (سەڵاح) و ژنێکن پێکەوە بە رووتی و خەریکی دەستبازین، چاوم تاریك بوو، بورکانێك تووڕەیی و غەزەب لە هەناوم هەڵسا، دەستم دایە پێڵاوێك ژنەم دایە بەر پێڵاون، بە هەموو هێز و توانای خۆم پەلامارم دا، قژیم گرت و لەسەر زەوییەکە رامکێشا، بەهەزار حاڵ هەتا (سەڵاح) توانی لەبن دەستم دەریبێنێ، نەمزانی ژنە چۆن سەروپۆرتەلاکی چاك کرد و جلی لەسەر کرد و تێیتەقاند، ئەوجا من و (سەڵاح)ماینەوە، بۆ ئەویش چووم، بە مست و شەق و هەر چییەك بوو پەلاماری ئەویشم دا و ئینجا لە ماڵ دەرمکرد، کە ئەوم دەرکرد، تا ئێوارە لە ماڵ بە تەنیا مامەوە و خەریکی گریان بووم، ئینجا زۆرم بیرکردەوە، وتم بچم شکاتی لێبکەم، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە، بڕیارمدا بەجێبهێڵم بۆیە هاتمەوە ئێرە، جارێکی تر من و ئەو خیانەتکارە قەت ناتوانین وەکو ژن و مێرد بژین و بمێنینەوە، ئەتۆش بابە هەر چ بڕیارێك بدەی یان هەوڵبدەی هەر ئەوە بڕیاری خۆمەو تەواو. (خالید) تە ما شا یە کی کچەکەی کرد و ئاخێکی بە قوڵی هەڵکێشا و وتی: باشە کچم باشە، نەدەبایە تۆش زەلامێکی ئەوهات بە نسیب بایە!!؟



# درۆکردن ژیانی خێزانێک لەناو دەبات

**پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆرجار دەبێتە فاکتەری بەرجەســتەبوونی چەند ئاکامێکــی نێگەتیڤ و تاکێك یان کۆمەڵێك کەس دەبنە قوربانی ئەو دەرئەنجامە، یان بەپێچەوانەوە تەکنەلۆژیا دەبێتە فاکتەری پێشــکەوتنی کۆمەڵگاو دروســت بوونی کۆمەڵگەیەکی شارســتانی، یەکێك لەبەرهەمەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە، ئامێری مۆبایلەکە بۆماوەی چەند ساڵێکە هاتۆتە ناو کۆمەڵگەی کوردی، بێگومان ئەم ئامێرە لەگەڵ لایەنە باشەکانی چەندین کێشە وگرفتی بۆ خێزانەکان دروســت کردووە لەزۆربەی کێشەکانیشــدا هەر رەگەزی مێ بۆتە خاڵی سەرەکی گرفتەکان، بەهۆی بیر تەسکیەوە تووشی خۆسوتاندن و کوشتن و جیابونەوە بونەتەوە، ئەوەی لەئاکامی بەکارهێنانی مۆبایل لەخێزانی نەخشــیندا دەبیینین دەرەنجامی نزمی ئاستی رۆشنبیری بەکارهێنەرەکەیەتی لەگەڵ ئەو نیازەی لەپشت ئەو کارەدایە.**



کاتژمێر ٢:٣٠ی خولەکی پاش نیوەرۆ لــەدەوام ئەگەرامەوە بۆ ماڵەوە، لەوکاتەدا لەپاسدابووم کە زەنگێکم بۆ لێدرا، کاتێك سەیری مۆبایلەکەم کرد بینیم ژمارەیەکی نەناسراوە تەلەفۆنم بۆ دەکات، دامخستوە و وەڵامم نەدایەوە، بۆ چەند جاری تر دووبــارەی کردووە،منیش مۆبایلەکەم کوژاندەوە. کــە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە پاش دوو ســەعات دامگیرساندەوە، لەگەڵ هەڵکردنەوەی مۆبایلەکەمدا زەنگێکی دیکەی بۆ کردمەوە، بەبێ هیچ قســەکردنێك مۆبایلەکەم دایە دەســت (هونەر)ی هاوسەرم وتم وەڵامــی ئــەو تەلەفۆنە بدەرەوە، هونەر وەڵامی دایەوە، ئافرەتێــك بوو قســەی لەگەڵ هونــەردا کــردو بەبێ هیچ شــتێك گلەییەکی زۆری لێکــرد کە بۆچی ئە و ە نــد ە تەلەفۆنی کــردووە و وەڵامــی نەداوەتەوە و دوو ســێ ســەعات مۆبایلەکەشــت کوژاندۆتــەوە؟ هونەر پێــی وت کە ئەمە مۆبایلــی خێزانەکەمە،وتــی: ئەگەر حەز ئەکەیت یەکتر بناسین ژمارە مۆبایلی خۆتم بدەرێ، هونەر وتی: من هیچ ئیشێکم بەتۆ نییە و حەزناکەم یەکتر بناسین ئیتر بۆچی ژمارە مۆبایلــت بدەمێ؟ ووتی ئەگەر پێم نەدەیت خێزانەکەت بە تەلەفۆنکردن بێزاری دەکەم، کە ئەمەی وت هونەر زۆر توڕە بوو، باشە تۆ تەلەفۆنی خۆت بکە دواتر منیش رای خۆم دەبێــت و خۆم ئەزانم چی دەکەم .لەدوایدا هونەر وتی: نەخشین لە ئێستاوە با مۆبایلەکەی تۆ لەلای من بێت خۆم ئەزانم کە ئەو ژنــە تەلەفۆنی کرد چۆن وەڵامی ئەدەمــەوە، پێمخۆش نەبــوو مۆبایلەکەی بدەمێ بــەڵام بیرم کردەوە هەر ئەو دەتوانێ چارەیەکی بکات.

کاتژمێــر (٩:٤٥) خولەکی شــەو بوو جارێکی دیکــە زەنگی لێدایــەوە، هونەر وەڵامی دایەوە لەگەڵ وەڵامدانەوە یەکسەر ووتــی ها گیانەکەم چۆنــی؟ هونەر وتی مــن گیانــی تۆ نیــم بەڵام دەمەوێــت بزانم

بۆچی واز ناهێنیت و دەتەوێت تەلەفۆن بکەیت؟ وتی من نهێنیەکی خێزانەکەتم لایە ئەمەوێت پێتی بڵێم، هونەر وتی: سوپاست ناکەم و هیچم پێ مەڵێ، وتی: باشە هەر حەزئەکەم پەیوەندیەکەم لەگەڵ تۆدا هەبێت و وەك هاوڕێ ئەڵێیت یان هەر ناوێکی تری لێدەنێیت لێی بنێ بەڵام گرنگ ئەوەیە من و تۆ پەیوەندیەکەمان هەبێت. وتم هونەر بۆچی قسەی لەگەڵدا ئەکەیت، تکا دەکەم مۆبایلەکە بکوژێنەرەوە، بەڵام هونەر ووتی حەز ئەکەم قسەی لەگەڵدا بکەم و بزانم چی دەوێت؟ نزیکەی نیو کاتژمێر زیاتر قسەیان بەیەکەوە کرد، لەدوای تەلەفۆنەکە من و هونەر لێمانبوو بەناخۆشی و دەنگە دەنگ چونکە وتم هونەر هیچ پێویست ناکات تۆ قسە لەگەڵ ئافرەتێکی خراپدا بکەیت کە بزانیت نیەتی پاك نییە و دەزانیت چی دەوێت؟ ئیتر بۆچی قسەی لەگەڵدا دەکەیت؟ هونەر وتی تۆ دڵت لەمن پیسە و ناتەوێت تەنانەت قسەش لەگەڵ ئافرەتیشدا بکەم،ئەگەر پێت ناخۆشە بە مۆبایلی تۆ قسەی لەگەڵدا بکەم بەمۆبایلی خۆم تەلەفۆنی بۆ دەکەم، بێگومان هەروای کرد.

بۆ ڕۆژی دوایی بەلامەوە سەیر بوو کاتێك لە دەوام بووم هیچ تەلەفۆنی بۆ نەکردم، بەڵام لەماڵەوە چەند جارێك تەلەفۆنی بۆ کردم و منیش وەڵامم نەدایەوە، هونەر بەمۆبایلەکەی خۆی تەلەفۆنی بۆ کردوو پێی وت کە واز لە تەلەفۆن کردن بهێنێت ئەگەرنا داوا ئەکەم ژمارەکەت حجز بکەن،وتی تەنیا گوێم لێبگرە بزانە من کێم و چیم دەوێت؟ هونەر ووتی فەرموو گوێم گرتووە. ئافرەتەکە ووتی: من ناوم کەژاڵەو تەمەنم بیست و نۆ ساڵەو شووم نەکردووە وکۆمەڵێك قسەی ناشایستەی دیکە، هونەر وتی باشە چیت ئەوێت؟ ووتی حەز ئەکەم شووت پێ بکەم. پێی ووت من خێزانم هەیە و نامەوێت ژیان لەخۆم و ئەوانیش بشێوێنم وتی کێشە نابێت خۆم باری ئابووریم زۆرباشە و سیارە و زەویم هەیە ئەتوانم بیکەم بەخانوو، هونەر ووتی دادە گیان جارێکی دیکە تەلەفۆن مەکەرەوە و بەرۆکمان بەردە وتی بۆچی ئەڵێیت دادە گیان من باسی هەموو تایبەتمەندیەکانی ژیانی خۆمم بۆ کردیت ئێستاش پێمان ئەڵێی دادە، هەرگیز قبوڵی ناکەم.

کەژاڵ چەند ڕۆژێك بێدەنگ بوو وام ئەزانی کە ئیتر تەلەفۆن ناکاتەوە بەڵام نەمزانی کە بەبێ ئاگای من بەڕۆژ تەلەفۆن بۆ هونەر دەکات و قسە بەیەکەوە دەکەن. شەوێك پرسیارم لەهونەر کرد وتی دوو سێ ڕۆژ ئەبێت تەلەفۆنی نەکردۆتەوە، تەواو دڵنیا بووم لەقسەکەی هونەر چونکە تا ئەو چرکە ساتە درۆم لێ نەبینیبوو.

سەرقاڵی کاری ناو ماڵ بووم، گوێم لێ بوو هونەر تەلەفۆنی ئەکرد منیش گوێم پێنەدا نەمزانی کە کەژاڵەو تەلەفۆنی بۆ کردووە، زۆر قسەیان کرد، لەسەر ئەو تەلەفۆنە هیچم بە هونەر نەووت. بەڵام کە خوای گەورە ویستی نهێنیەکی ناپاك ئاشکرا بکات هەرچۆنێك بێت پەردە لەسەر نهێنیەکان لادەبات، نزیکی نیوەڕۆ بوو لەدەوام بووم دوو سێ جار تەلەفۆنم بۆ هونەر کرد مۆبایلەکەی هەر مشغول بوو، دواتر خۆی تەلەفۆنی بۆ کردمەوە و وتی لای فیتەرم و سیارەکەم خراپ بووە، بۆ ڕۆیشتنەوە هات بەشوێنما لەسیارەکەدا زۆر مشغول بوو هەر نامەی مۆبایلەکەی دەخوێندەوە، کاتێك چوینە ماڵەوە لە دوای نان خواردن جارێکی دیکە ڕۆیشتە دەرەوە بەڵام ئەمجارەیان زۆر بەپەلە ڕۆیشتە دەرەوە مۆبایلەکەی لەبیر چوو، سەیر بوو چۆن مۆبایلەکەی بیرچووە؟ چونکە بەردەوام بەدەستیەوە بوو.

سەیری مۆبایلەکەی هونەرم کرد بینیم نامەیەکی زۆری لەلایەن کەژاڵەوە بۆهاتووە سەرجەم نامەکان بابەتی ناشایستەو نابەجێی تیابوو، نازانم هونەر چۆن وەڵامی دابۆوە چونکە نامەکانی خۆی سڕیبونەوە، لەوکاتەی نامەکانم دەخوێندەوە کەژاڵی نامەیەکی دیکەی ناردەوە، داوای موعیدێکی لەهونەر کردبوو بۆئەوەی یەکتر ببینین منیش بەناوی هونەرەوە وەڵامم دایەوە و تەلەفۆنەکەم داخست.

بۆ ئێوارە کە هونەر هاتەوە وتی نەخشین مۆبایلەکەم لەماڵەوە بەجێ هێشتووە؟ وتم بەڵێ ووتی ئەی لەکوێیە بۆم بهێنە؟ کە بۆم هێنا بینی کوژاوەتەوە زۆر توڕە بوو وتی بۆچی سەیری مۆبایلی منت کردووە و کوژاندۆتەوە، ئیتر لەم چرکە ساتەوە ژیانی من و هونەر بووبە ناخۆشی و کێشەو گرفت.

هونەر ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ مندا خراپتر دەبوو و زۆر ووتەی ناشیرینی پێ دەووتم، هەرچەند دەمووت هونەر چۆن تۆ باوەر بەکەسێك دەکەیت تائێستا نەتبینیووە؟ وتی: کێشە نییە ڕۆژێك هەر یەکتر دەبینین. نازانم چۆن کەسێك ئەوەندە ساویلکە دەبێت بەم حاڵاتانە. هونەر زانی قسەکەی من راستە هەر لەلای من تەلەفۆنی بۆ کەژاڵ کردوو و پێی وت هەر دەبێت بەیانی بتبینم، کەژاڵیش زۆری پێخۆش بوو. بۆ بەیانی بێگومان هەردووکیان یەکتریان بینیبوو و بەیەکەوە دانیشت بوون، هونەر دەیوت تا ئەو چرکە ساتە من هیچ نیەتێك نەبووە لەگەڵیدا، بەڵام من هیچ باوەڕم پێ نەکردوو و بڕیارمدا لەو ماڵە بچمە دەرەوە، لەدوای دەرچوونم لەو ماڵە هونەر هیچ هەواڵێکی نەپرسیم بۆیە چوومە ماڵی باوکم و خۆم بەبراکەمدا جوابم بۆنارد کە دەمەوێت جیاببینەوە، هونەر بە براکەمی وتبوو نەخشین خۆی ڕۆیشتوەو هەرخۆشی دەبێت چارەسەری ئەو کێشەیە بکات بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات من و هونەر خاوەنی دوو مناڵ بوین، هیچ چارەسەرێکم لەلانەبوو ماڵی باوکیشم وتیان بڕیار لای خۆتە، لەدوای ئاگادارکردنەوەی ماڵی باوکی هونەر، بڕیارمدا جیاببینەوە.

من وهونەر هەردووکمان بریارەکەمان قبوڵ کرد و چوینە دادگا و کارە ڕۆتینیەکانمان تەواو کرد و یەکەم دانیشتنمان ئەنجام دا، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو کاتێك لە دادگا هاتینە دەرەوە دوای چەند خولەکێك هونەر تەلەفۆنی بۆ کردم و ووتی نەخشین گیان لەکوێیت ووتم چیت ئەوێت وتی: ئەمەوێت هەر ئێستا بتبینم مەسەلەیەکی گرنگت پێ بڵێم بۆئەوەی واز لەو بڕیارەمان بهێنین چونکە کەژاڵ ئێستا تەلەفۆنی بۆ کردووم و ووتویەتی من تەنها ویستومە تاقیت بکەمەوە چونکە من هاوسەرگیریم کردووە و خاوەنی چوار مناڵم و تۆ یەکەم کەس نیت چەندین کەسی ترم بەو شێوەیە لێکردووە، ئەمەش تەنها بۆ کات بەسەر بردنە ئەگەرنا هیچ شتێکی دیکە نییە...بە هونەرم وت هەرگیز لەوبریارە پەشیمان نابمەوە چونکە تۆ منت بەهەست و ئارەزو و عەقڵی خۆت و کەژاڵ فرۆشت، هەرچەند لێم پارایەوە رازی نەبووم بیبینم. بۆدادبینی دواتر بە حاکمەکەی وت بۆئەوەی بریارەکەمان هەڵبوەشێنێتەوە، من رازی نەبووم و بریارەکەی خۆمم سەلماند. ئێستاشی لەگەڵدا بێت هونەر هەرداوای ئەوەم لێدەکات بگەڕێمەوە بۆیە هیچ چارەیەکی نەبوو تا لەیەکێك لەرێکخراوەکانی ژنان داوای کردبوو بۆئەوەی قەناعەتم پێ بکەن و بگەڕێمەوە، بەڵام هەرگیز قبوڵی ناکەم و خۆم دوو کورەکەم بەیەکەوە ژیان دەبەینە سەر، لەبەرئەوەی هونەر لەبەرخاتری کەسێکی دیکە هەموو خۆشەویست و ماندووبونی منی خستەلاوە ئیتر چۆن من جارێکی دیکە خۆشم دەوێتەوە؟




# ئاخۆ ئێستاش توانج لەو ئافرەتانەی کە لە

***لەو سێ چوار ساڵەی رابردوو ژمارەیەکی زۆر سوپەرمارکێت لە شـارەکانی کوردستان کرانەوە، هەر ئەمەش وایکرد هەلی کار بۆ ئافرەتان بڕەخسێت و لەماڵەوە بێنە دەرەوە، بێگومان سەرەتا لە کوردستان شتێکی نوێ بوو ئافرەت لە سوپەرمارکێت کاربکات کە تووشی توانج لێدان و قسەی ناشیرین دەبوونەوە.. دیاردەی توانج لێدان بە یەکێك لەو دیاردە ناشیرینانە دەبینرێ کە ئێستا کەم تا زۆرێك لە زۆربەی سوپەرمارکێتەکان دەبینرێ، بە تایبەت لەلایەن هەرزەکارانەوە، بەپێی وتەی ئەو کەسانەی کە لەم ڕیپۆرتاژەدا بەشداریان کردووە، ئەم دیاردەیە ئێستا زۆر کەم بۆتەوە، چونکە ئەو سوپەرمارکێتانە زۆر بوونە کە ئافرەت کاری تێدا دەکات، ئێمە لەو رووەوە هەوڵ دەدەین لە ڕێپۆرتاژێکدا ئەم دیاردەیە بخەینە روو و رای جیاواز لە بارەیەوە وەربگرین.***

**لە دەسپێکدا (ئەحمەد شەهاب) خاوەنی سوپەرمارکێتی نازەمۆڵ وتی** "یەکەم سوپەرمارکێت بووین لە کوردستان کە ئافرەت کاری تێدا بکات، سەرەتا شتێکی نوێ بوو ئافرەت لە سوپەرمارکێت کاربکات، بۆیە لە کاتی کردنەوەی سوپەرمارکێتەکەمان ژمارەی ئەو ئافرەتانە کەمبوو کە لێرە کاریان دەکرد, بەڵام دواتر ئەو ڕێژەیە زیادیکرد، بۆیە لەم بارەیەوە توانیمان ئافرەتانیش بهێنینە دەرەوە بۆ ئەوەی کاربکەن". سەبارەت بەبێزارکردنی ئافرەت لە سوپەرمارکێتەکان خاوەنی نازەمۆڵ وتی "پێموایە ئەوە لەسەر ئەو ئافرەتە رادەوەستێت، چونکە ئەگەر ئافرەتەکە روو نەداتە گەنجەکە، بێگومان گەنجەکە ناتوانێت توانجی لێبدات و قسەی پێبڵێت، هەرچەندە هەتاوەکو ئێستا هیچ کێشەیەکی وامان بۆ دروست نەبووە کە شیاوی باسکردن بێت".

بێوار جەعفەر کچێکە ماوەی دوو ساڵە لە نازەمۆڵ ژمێریارە, سەبارەت بەفڕێدانی ژمارەی مۆبایل و توانج لێدان وتی "بێگومان ئەوە لەسەر هەڵوێست و رەفتاری کچەکە خۆی رادەوەستێت، چونکە ئەگەر کچەکە تێکەڵی کوڕەکە بوو قسەی لەگەڵ کردو رووی دایێ، بێگومان کوڕەکە ژمارەی بۆ فڕێدەدات و ئەم قسەکردنە بە شێوەیەکی تر لێکدەداتەوە". هەروەها وتیشی "لە ساڵی ٢٠٠٨ زۆر گەنجم دیوە کە ژمارەی مۆبایلی بۆ هاوڕێکانم فڕێداوە, بەڵام ئێستا ئەم دیاردەیە زۆر کەمبۆتەوە، چونکە



# سوپەرمارکێتەکان کار دەکەن دەگیرێت

کارکردنی ئافرەت لە سوپەرمارکێتەکان بۆتە کارێکی ئاسایی و هەروەها ئێستا ژمارەی سوپەرمارکێتەکان زۆر بوونە". لە کۆتایی قسەکانیشیدا وتی "تەنیا یەك پرسیار لەو کوڕانە دەکەم کە ژمارەی مۆبایل فڕێدەدەن و توانجمان لێدەدەن، ئایا رازینە خەڵکی تر هەمان رەفتار لەگەڵ خوشك و دایکیان بکەن"؟

خاتوو ڤیان کە لە ماجیدی مۆڵ کاردەکات بۆ ئەم باسە وتی "ئێرە شوێنێکی زۆر گونجاوە بۆ کارکردن بەتایبەت بۆ ئافرەتان، چونکە لەو کاتەوەی کە لێرەم، تووشی کێشەیەکی وا نەبوومەوەتەوە کە باسی بکەم، کێشەی بچووك هەردەبێت، بەڵام لەو ئاستە نییە کە تۆ دەیڵێی، پێموایە لە هەموو شوێنێك باش هەیە و خراپیش هەیە، بۆیە نابێت تەڕو وشك بەیەکەوە بسووتێنین، وەکو خۆم هەتاوەکو ئێستا تووشی هیچ کێشەیەك نەبوومەتەوە، ئافرەتانی تریش نازانم".

خاتوو بەهار ئەکرەم کە ئەویش لە سوپەرمارکێت کاردەکات دەڵێت "سەرەتا کە لێرە کارم دەکرد، خزمەکانم دەهاتن دەیان وت عەیبە بۆچی لێرە کاردەکەی، ئافرەت و سوپەرمارکێتیان نەوتووە، هەروەها مامەڵەکردنی کوڕان لەگەڵمان تۆزێك ناخۆشبوو، بێگومان سەرەتا بێ کێشەوگرفت نەبووین، چونکە کوڕەکان پێیان ئاسایی نەبوو کە ئافرەت لە سوپەرمارکێت کاربکات، بەڵام گوێمان پێنەدەدان، خۆ ئەگەر بە قسەی کۆمەڵگە بکەیت، دەبێت تەنیا لەماڵەوە دابنیشیت و هیچ نەکەیت، بۆیە دەڵێم بەسە دانیشتن".

رێبین عەبدولڕەحمان کە کارمەندە لە سوپەرمارکێتی نیوستی سەبارەت بە توانج لێدان لە کارمەندە ئافرەتەکان وتی "توانج لێدان زۆر لە کارمەندە ئافرەتەکان دەدرێت، بە تایبەت شەوان، چونکە زۆر قەڵەباڵغە بە تایبەت ئەو کوڕانەی تەمەنیان لە نێوان ١٧_٢٠ساڵیە بە فێڵی شت کڕین قسە لەگەڵ ئافرەتەکان دەکەن و لەوانەیە کارێکی ناشیرینی بەرامبەر بکات، ئەمەش بۆ ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە، تەنیا لە بری ئەوەی شێوازی قسەکردنی خۆشبووە لەگەڵ ئەو گەنجە".

دەشتی محەمەد بەڕێوەبەری گشتی لە سوپەرمارکێتی نیوستی سەبارەت بەم باسەوە وتی "کارمەندە ئافرەتەکان بێکێشەترن لە پیاوەکان، چونکە ئافرەتەکان زیاتر خەریکی ئیش و کارن، وتیشی بڵێین و نەڵێین دیاردەی توانج و شتی ناشیرین بەرامبەریان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاوا نییە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رۆشنبیری کوڕەکە، ئێستا ئافرەتمان هەیە کاتژمێر ١٢ شەو دەچێتەوە ماڵەوە و هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەبووە، هەر کێشەیەکیشیان بۆ دروست ببێت، ئێمە لێی بەرپرسین، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ ئەو کێشانە بەرەو کەمبوونەوە دەچن، ئەویش بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری گەنجەکانمان".

# بڕوا بەخۆبوون و کەسێتی سەرکەوتوو

# بە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دێتە کایە

**مرۆڤ خاوەن کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ئاڵۆزە و زۆر هۆکاری جیا جیا ڕۆڵ دەبینن لە نەخشاندنی ئەو کەسێتییەدا. جا کەسانێکی زۆر دەبینین کە هەم خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و بڕوا بەخۆبوون و هەمیش کەسێکی سەرکەوتوون. لەولاشەوە کەسانی تر دەبینین کە کەسێتییەکی لاواز و پڕ لە تەنگ و چەڵەمەن و خاوەنی دەیان کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتین. ئەمجۆرە تایپە لە کەسایەتی زۆر بەزەحمەت دەتوانن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان بگونجێنن لە خەڵکی، تەنانەت کێشە بۆ خەڵکانی دەوروبەریشیان دروست دەکەن. هۆکاری ئەم نەگونجان و سەرنەکەوتنە لە ژیانی کۆمەڵایەتیان چییە و چی بکرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ئیدی کەسێتی شکستخواردوو بەرهەم نەهێنێت...**

**بەبڕوای مامۆستا (سامی محەمەد)** مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی و پەروەردە، ئەمجۆرە کەسایەتیانە هەر زوو لەقۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە دیاریبکرێن و بناسرێن، بێگومان ئەمجۆرە کەسانەش کەم نین، کۆمەڵگەیەك ئەگەر خۆی لەسەر تەندروستدا بڕوات، سیستەمەکەی لەسەر بنەمایەکی دیموکراسیانە و دادپەروەرنە داڕێژرابێت، کەسێتی وا ئاڵۆز بەڕێژەیەکی زۆر کەم بەرهەم دینێت. بەڵام ئێمە خۆمان کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و دەردەدارین، ئیدی دەبێ چاوەڕێی چ جۆرە کەسێتییەکی داهێنەرانە بکەین. زۆریش ئاساییە کە کەسانی وەها نەتوانن خۆیان لەگەڵ دەورووبەر بگونجێنن و ببنە مایەی کێشە هەم بۆ خۆیان و هەمیش بۆ خەڵکانی دەورووبەریان.

سەرچاوەی کەسێتی سەرکەوتوو لەو بنەما پەروەردەییەوەیە کە ئاماژەکانی لە خێزانەوە بە منداڵ دەدرێت

خێزان ئەو سەرچاوە گرنگ و (خەتەرناکەی) پەروەردەیە کە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ هەیە. بەبڕوای مامۆستا **(تەحسین فایەق)ی شانۆکار، مرۆڤی بڕوا بەخۆنەبوو، کە کەسێتییەکی زۆر گرفتدارە، لە منداڵییەوە بە تێکشکاوی پەروەردە کراوە. ئەو دەڵێ** "ئەگەر نەتزانی وەڵامی پرسیارە فزوڵییەکانی منداڵەکەت بدەیەوە، ئەگەر پرسیارەکانیت سەربری، ئەگەر شێوازی پەروەردەت تەنیا سەرکوتکردن و لە دەمدانەوە و فەرامۆشکردنی بوو، بێگومان نابێ چاوەڕێی بلیمەتبوونی ئەم منداڵە بکەی، مەگەر خۆی کە گەورە بوو، ئەم گرێیەی تێپەڕێنێ. بۆیە لەو بڕوایەیە دام پەروەردەی کۆمەڵایەتی دروست، کەسێتی دروست و سەرکەوتوو بەرهەم دێنێت. تۆ کە کەسێکی تورە و تووش یان ڕاڕاو دوودڵ و نیگەران دەبینیت، پێت سەیر نەبێت، بەڵکو بڕۆ بەدوای مێژووی خێزانی ئەم کەسە بگەڕێ بێگومان وەڵامی تایبەتی کەسێتییەکەیت دەستدەکەوێ. هەروەها بەبڕوای **خاتوو (شەهلا)ی مامۆستای زانکۆ، پەروەردەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و یەکجار کاریگەرە لەسەر پێکهاتی جۆری کەسێتییەکەی. ئەو پێیوایە** کە "پەروەردەی کۆمەڵایەتییە کە کەسێتی تاکی هەر کۆمەڵگەیەك دروستدەکات. پەروەردەی کۆمەڵایەتیش کۆی ئەو مەعریفە دەگرێتەوە کە مرۆڤ هەر لە خێزانەوە بیگرە تا بە ژینگەی کۆمەڵایەتی قوتابخانە و سیستمی پەروەردە و فێرگردنی ئەو وڵاتە دەگات، فێر دەکرێ یا فێری دەبێ. مەعریفەی پەروەردە لای ئێمە مەعریفەیەکی زانستی نییە، بەڵکو مەعریفەیەکە لەسەر فەرمانپێکردن و سەرکوتکردن دروست بووە. تۆ بەردەوام منداڵەکەت شەرمنکەو فێری مەعنا و قیمەتی شەرمی بکە، بێگومان کە گەورەبوو کەسێکی شەرمێونی لێدەردەچێت. جا بۆ ئەوەی تاکێك دروست بکەین کە خاوەنی کەسێتییەکی سەرکەوتوو بێت، دەبێ خۆمان لەو ئاماژە پەروەردەییانە داشۆرین کە کەسێتی مرۆڤەکانمان تێکدەشکێنێت. هەروەها **(د.هەندرێن سەباح)یش لەو بڕوایە دایە نەك خێزان بە تەنیا، بەڵکو کۆمەڵگە و دەوڵەتیش بەرپرسیارن لەو ئەرکەدا. ئەو کە ساڵانێکە لە وڵاتی ئەمریکا دەژی دەڵێ** "تۆ ئەگەر سەیری کەسێکی ئەمریکایی بکەیت، دەبینی کەسێکە زۆر بڕوای بەخۆی هەیە، ڕازی نابێ مافی بخوێت، ئەگەر غەدرێکت لێبکرد یەکسەر بەرگری لەخۆی دەکات و مافی خۆیت لێدەستێنێ. سیستمە پەروەردەکەی ئەوێ بەجۆرێکە تاك وایلێدەکات کە زۆر بڕوای بەخۆی هەبێت و سەربەخۆ بێت. لەبەر ئەوە پەروەردەی کۆمەڵایەتی پەروەردەیەکی تۆکمەیە و بەشێوەیەکی و زانستیانە داڕێژراوە و بەرپرسیاریەتێکی گشتگیرە و دەوڵەت شانی داوەتە بەر بەشێکی زۆری ئەو بەرپرسیارێتییە. هەق وایە ئێمەش سوود لەو ئەزموونانە وەربگرین.



# حەز ناکەم لە ماڵەوە کەس ئازادیم کۆت و بەند بکات

تریفە شێخانی

حەز ناکەم کەس لە ماڵەوە ببێتە سەردار و سەروەرم و لە هەموو شتێکدا فەرمانم بەسەردا بدات، بۆ خۆم هیچ بوونێکی راستەقینەم نەبێت و قسە هەر قسەی ئەوان بێت. لە هەموو شتێکدا بە پرس و را و رەزامەندی ئەوان بێت، چونکە ئیدی گەورە بووم و وا لە قۆناغی زانکۆدام. بۆخۆم دەزانم رەش و سپی لێك جیابکەمەوە و راستی و ناڕاست بناسم. بێگومان مەبەستم لەوەدا ئەوەیە حەزدەکەم لە بڕیاردان لەسسەر ژیانم ئازاد و سەربەخۆبم، بەڵام لەسنووری ئاسایی کۆمەڵایەتی و دابی خێزانیشدا بم، لەو ئاستەدا کە سنووری ئازادییکەم لێبەرتەسك نەکاتەوە. لێرەدا مەبەستم ئازادی بێسنوور نییە، بەڵکو ئازادییەك کە منی مرۆڤ تیایدا هەست بە کەرامەت و شەخسیەتی مرۆڤانەی خۆم بکەم. نەوەکو تەنانەت لەم تەمەنەشدا هەر پاشکۆی ماڵەوە بم، لە هەڵبژاردنی خوێندن و ئاسۆی دوارۆژ و هاوسەری ژیانم هیچ رۆڵێکم نەبێت، هەموو کات بە حەز و ئارەزووی خێزانەکەمان رێڕەوی ژیانم دیاری بکرێت. پێویستە دایکان و باوکانیش بگەنە ئەو بڕوایە کە نەوەی ئێستا نەوەی چل پەنجا ساڵێك پێش ئێستا نییە، ئەم نەوەیە بەسەر زۆر گۆڕانکاری ژیاری گرنگدا کراوەتەوە. بۆیە کاتی ئەوە بەسەر چووە ئیدی خێزان دەرەتانی ئەوەی هەبێ لەهەموو وردەکاررییەکانی ژیانی منداڵە گەورەکانی بپرسێتەوە، خۆی لەهەموو شتێکیان هەڵقورتێنێت و حەزو ئارەزووەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و بیکەنە قوربانی تێگەیشتنەکانی خۆیان.

# کە لە ماڵەوە لێمدەپرسنەوە هەست بە ئارامی زیاتر دەکەم

سومەییە جەلال

دەی خۆ ماڵەوەمان نامانخۆن ئەگەر لێمانبپرسنەوە، نا بەپێچەوانەوە، نەك هەر کچ، بەڵکو کوڕیش دەبێ لەژێر چاودێری دایك و باوکیدا بێت و بەشتێکی زۆر ئاسایی و بگرە پێویستیشی بزانێ. نازانم بۆ هەندێك لە گەنجانی ئەم رۆژگارە ئەوەندە بە هەستیارییەوە لە هەر چاودێرییەکی ماڵەوەیان دەڕوانن. ئێمە هەموومان لەژێر چەتری یەك ماڵدا دەژین، دەسا دەبێ هەر یەك لە ئێمە هەست بە جۆرێك لە بەرپرسیارێتی بکات لە بەرامبەر خۆی و لەبەرامبەری ئەوانی تردا. ماڵ بەرپرسیاریەتییەکی هاوبەشە. ژیان بەبێ بەرپرسیارێتی نەك هەر ئازادی نییە، بەڵکو جۆرە لە یاخیبوونێکی بێهودە و بێئەنجامە. باشە کچێك کە تووشی کێشەیەك دەبێ پێش کچەکە خۆی، خێزانەکەی نابنە بەشێك لە کێشەکەی؟ ئایا دەرەنجامەکانی ئەو کێشەیە رووبەڕووی خێزانەکەی نابنەوە، ژیانێك ئەگەر سیستم و ریتمێکی تێدانەبێ، هەر کەس بۆخۆی، چ مانایەك بۆ ئەم ژیانە دەمێنێتەوە.. من لەگەڵ لێپرسینەوەی خێزانم لە ئەندامەکانی، بەتایبەتیش لە کچەکانی، نەك بۆ کۆیلەکردنیان، نەك بۆ سەندنەوەی هەموو سەربەخۆییەکیان، بەڵکو بۆ ئازادیان و بۆ پاراستنی ژیانیان و کەسێتیان..

بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com